# چەند تێبینیەک لەسەر کۆنفراسی جینۆساید



Hiwa.Abdullah@gmail.com

لە کۆتاییەکانی ساڵی ڕابردودا هەواڵێکمان سەبارەت بە بەستنی کۆنفرانسێک بەناوی کۆنفرانسی جینۆسایدکردنی گەلی کورد لە شاری هەولێر و بەسەرپەرشتی حکومەتی هەرێمی کوردستان کەوتە بەرگوێ. ئەگەرچی دەبوایە ئەوە زووتر کرابا و بەشێوەیەکی گشتی هەوڵێکی باش بوو، بەڵام لە ناوەڕۆکدا کۆمەڵێک کەموکورتی گەورەی تێدایە، کە هیچ کەسی تۆزێک شارەزا ناتوانێ چاو لەو هەڵانەدا بپۆشێ.

پێش ئەوەی بچمە ناو ناوەڕۆکی بابەتەکە حەز ئەکەم بەبیر خوێنەران بێنمەوە کە ئەو کارانە ئەگەر چی دەبێ و پێویستە لەسەر مەسرەفی حکومەت بن، بەڵام لە ڕاستیدا ئەو کارانە کاری ڕێکخراوە مەدەنی و زانستی و ئەکادێمیاکانن، نەک ئەوەی حیزب لە سەرو تا ژێر هەموو شتە تایبەت و گشیتیەکانی کۆمەڵگە بخاتە ژێر ڕکێفی خۆی و بەخۆی بکات یانیش ئەگەر بەخۆی نەیکرد و خەڵکی دیکە پێی هەڵسان یارمەتی نەدات.

ئەگەر ئەورۆ سەیری وولاتانی پێشکەوتو و لە نمونەی ئەنفالدا سەیری نەتەوەیەکی وەک جولەکە بکەین، لە سەرەتای ناساندنی پرۆسەی قرکردن و لەناوبردنی جولەکەکان دەوڵەتی ئیسرائیل بە ناوی خۆی و لەژێر کۆنترۆلی ڕاستەوخۆی وولاتەکەیدا کارێکی ئەوتۆی بۆ ناساندنی جینۆسایدی جولەکەکان نەکرد، بەڵکو ئەو کارەی بە ڕێکخراوە مەدەنیەکان و لۆبیەی جولەکەییەکان سپارد، دوای ئەوەش خەڵکانی نەتەوەکانی دیکە پشتگیریان لێ کردن، بەڵام ئەورۆکە حکومەتەکەی ئێمە دەستپێشخەری بۆ کۆنفرانسێکی بەو شێوەیە دەکات، نەک بەتەنیا باوەڕی ئەوەی نیە کارەکە بە هەندێک ڕێکخراوی پسپۆر لەو بوارە بسپێرێت و بەخۆی بەتەنیا خەرجەکەی بخاتە ئەستۆ، بەڵکو تەنازول ناکات ڕێکخراوێکی وەک "چاک" بانگهێشت بکات بۆ کۆنفراسەکە، کە من شاهێدی ئەوەم ئەو پرۆژە و پێشنیارە کاتێک لە لایەن ڕێکخراوی چاک پێشکەش کرا، نەوەک بەتەنیا حکومەت و پەرلەمان شتێکی وایان بەخەیاڵدا نەدەهات بەڵکو هیچ هەڵوێستێکی جدیشیان نەبو بەرامبەر بە دادگایی کردنی سەرجەم تاوانبارەکانی ئەنفال کە بەشێکیان ئەمڕۆ شەریکی دەستەڵاتن، ناساندنی جینۆسایدی کوردستان

لایەن حکومەتی عێراق و داوای لێبوردنکردن لە گەلی کورد، تیمارکردنی سەرجەم زام و برینەکانی ئەنفال و خەڵکی لێقەوماوانی هەڵەبجە بەبێ جیاوازی و....هتد.

بڕیارە کۆنفراسەکە لە ڕێککەوتی 01.26.2008 دا ببەسترێ، بەڵام ڕێکخراوێکی وەک چاک لەبەر ئەوەی لەهەندێک شوێن و کاتدا ڕکەبەری هەندێ پرۆژەی حکومەت و پەرلەمانە و هەڵوێستی لەبەرانبەر کاربەدەستان هەیە بانگ نەکراوە، کە دەبو نەک بەتەنیا بانگکرابایە بەڵکو کۆنفرانسەکە بە خودی "چاک" بسپێردرابایە نەک حکومەت، چونکە چاک چالاکترین ڕێکخراوی کوردانە کە بە ڕەنجوماندوبون و شەونخونی کۆمەڵێک تێکۆشەری کوردی ئەوروپا و بەیارمەتی هەندێک کوردی ناوخۆ لە ساڵی 2001ەوە تا ئێستا ئەو کارە دەکات و دەربارەی کێسی ئەنفال و جینۆساید پەیوەندی وڕەوایەتیەکی زیاتری هەیە لە لایەنێکی سیاسی و دەیتوانی کاری باشتر و خزمەتی باشتر بە کێشەکە بکات، بەشداری نەکردنی چاک وا دەکات کاربەدەستانی سیاسی نەتوانن پەردە لەسەر هەموو ئەو لایەنانە هەڵدەنەوە کە لە پشت ئەنفال و جینۆسایدی کوردستانن بە کورد و عەرەبەوە، بە عێراق و جیهانەوە، لەلام ڕون نیە لە کۆنفرانسی ئاماژەبۆکراودا، کاربەدەستانی حکومەت و میوانە خوازراوەکانیان تا چەند بوێری ئەوەیان تێدا دەبێ پەنجەی تاوان بە ئاشکرا بۆ کۆنەجاشە بەشداربوەکانی ئەنفال و هەڵوێستی لایەنگرانەی دادگای عێراقی ڕاکێشن، لام ڕون نیە ئەوان چەند دەتوانن وا بکەن کە بڕیاری دادگای عێراقی دەربارەی تاوانبارانی ئەنفال جێبەجێ بکرێ.

من پێموایە ئەو هەڵوێستەی حکومەت بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ڕێکخراوی چاک پێش ئێستا دۆزێکی دژ بە سەرۆک کۆماری عێراق بەڕێز مام جەلال پێشکەش بەدادگای عێراقی و هەرێم کردبو بە بیانوی ئەوەی بەربەست لەبەردەم جێبەجێکردنی تاوانبارانی ئەنفال ساز دەکات، حکومەتی هەرێم و بەرپرسیارانی پارتی شریکی یەکێتیش بۆ ئەوەی مام جەلالیان لێ نەتۆرێ ئەو بڕیارەیان وەرگرتوە. کۆنفرانسەکە لە هەولێر ساز دەکرێ ئەوە بەو مەبەستەیە چونکە هەولێر پایتەختی هەرێمی کوردستانە بەڵام کاربەدەستان لەبیریان چوە کە هەڵەبجە پایتەختی جینۆساید و ناوەندی ئەنفالە نەک هەولێر.

من پێموایە کاربەدەستانی هەرێم بە وردو درشتیانەوە هەڵە دەکەن لە ئەنجامدانی ئەو کارانە، چونکە ئێمە کە چواردەورمان ئاگرە پێویستمان بە هاوکاری و متمانە و یەکتر قەبوڵکردن هەیە، نەک نەفی کردنی یەکدی کە لەسەردەمی شاڕی ساردو گەرم کردمان، حکومەتی هەرێم دەبێ ئەرکەکانی دابەش بکا بەسەر دەستەڵاتە سەربەخۆ و هەرێمیەکاندا نەک بەتەنیا ناوەند، ئەو کۆنفرانسە نابێ لەپێناوی بەرژەوەندیەکی تەسکی دەستەڵاتی کوردی و لەسەر بنەمای چەند حیسابێکی سیاسی بچوک ئەنجام بدرێ.

هێشتان کات ماوە هیوادارم سەرانی حکومەت و بەڕێز نێچیرڤان بارزانی چاوێک بە بەرنامەکانی کۆنفرانسدا بخشێننەوە، لەبەر ئەوەی مەسەلەی جینۆساید ئەوەندە سراتیژیە وەک ئاگر وایە نابێ بە حیسابی سیاسەتی ڕۆژانە یاری بە ئاگر بکرێ.

کورد ئەڵێ: ئەوکەس دوژمنە کە دەتکەنێنێ، ئەو کەسە دۆستتە کە دەتگریێنێ.... .

**هیوا عەبدوڵا**

بەلجیکا